# پشکۆیەک لە خۆڵەمێشدا

## بەشێکی گرنگ لە ژیاننامەی هۆمەر شێخمووس




## نەوزاد عەلی ئەحمەد

لە هەفتەی رابردوودا دوا کتێبی نەوزاد عەلی ئەحمەد کە دەکاتە 33 –یەمین کتێب کەوتە کتێبخانەکانی کوردستان. ئەم کتێبە لە ژێر ئەم ناونیشانەدایە " پشکۆیەک لە خۆڵەمێشدا- بەشێکی گرنگ لە ژیاننامەی هۆمەر شێخمووس" کە دابەشی سێ بەش کراوە. بەشی یەکەم بریتیە لە چاوپێکەوتنێک لەگەڵ هۆمەر شێخمووس هەر لە منداڵیەوە تا ئەو رۆژەی وازی لە ریزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و تا بە ئەمرۆش دەگات، کە پڕاوپڕە لە زانیاری و لە چەندان شوێندا دەیان شتی نهێنی ئاشکرا کردووە. بەشی دووەمی کتێبەکە تەرخانکراوە بۆ زیاتر لە 200 بەڵگەنامەی دانسقە کە بەشێکن لە مێژووی بزوتنەوەی رزگاریخوازانەی خەڵکی کوردستان بە لایەنە پۆزەتیڤ و نێگەتیڤەکەی. لە بەشی سێیەمدا زیاتر لە 100 وێنە بڵاوکراوەتەوە کە هەر یەکێک لە وێنەکان کۆمەڵێک حکایەت و رووداو و سەربردە دەگێرنەوە.

وا لێرەدا لە چەند دێرێکدا پرۆفایلی هۆمەر شێخمووس بڵاودەکەینەوە کە لە پێشەکی کتێبەکە داندراوە.

شایانی باسە؛ کتێبی ناوبراو بریتیە لە 560 لاپەڕە و لە چاپی یەکەمدا 2000 دانەی لێ چاپکراوە.

# پێشەکی

ئەم کتێبە وەک لەژێر ناونیشانەکەیدا نووسراوە " بەشێکی گرنگ لە ژیاننامەی هۆمەر شێخمووس" و سەرەتا ئاماژە بە ئامانج و گرفتەکان دەدەم، خاڵی هەرە تیشکهاوێژ بۆ نووسینەوەی بیۆگرافیای کەسایەتییێکی وەک هۆمەر شێخمووس کۆمەڵێک دەلالەت لە خۆی کۆدەکاتەوە پێش هەموو دەلالەتەکان هەڵدانەوە و باسکردنی چەندان رووداوە و واقیعە کە تا ئێستا نمانەکراون و کاریان لەسەر نەکراوە، بۆ ئەمە هەوڵم داوە لە دووتوێ ی پرسیارەکاندا چەندان رووداو و مێژوویی بوروژێنم کە وەڵامەکانی  یان دەبنە سەرچاوەیەک لە سەرچاوە باوەڕپێکراوەکان بۆ نووسینەوەی مێژووی بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی گەلی کوردستان بە گشتی و مێژووی ژیانی حزبایەتی کوردی بە تایبەتی.

نەهاتووم ژیاننامەی هۆمەر شێخمووس وەک چۆن خۆی دەیەوێت بنووسمەوە، بەڵکو کارێکی رۆژنامەگەریم کردووە و لە هونەری رۆژنامەنووسیدا دەچێتە خانەی چاوپێکەوتنی درێژ، بەڵام لەو هونەرەدا سوودم لە هونەری بیۆگرافیانووسین وەرگرتووە و لە هێڵە هونەرییەکانی ئەو کارەدا لام نەداوە، بە کورتی هونەری رۆژنامەگەریی و هونەری بیۆگرافیانووسینم ئاوێزانی یەکتر کردووە و دەکرێت ناوی بنێین هونەری "رۆژنامە- بیۆگرافیا نووسی"، کە وەک دەزانرێت یەکێک لە رەگەزەکانی نووسینەوەی بیۆگرافیانووسین، سوود وەرگرتنە لە زنجیرە رووداوەکانی مێژوو، منیش لەم کارەمدا پێ بە پێ و بە گوێرەی مێژووی ژیانی هۆمەر شێخمووس هەنگاوم ناوە و پرسیارم لە  یان کردووە، ئەگەرچی لە چەند شوێنێکدا جۆرێک لە بازدان و گەڕانەوەی مێژوویی تێدایە، ئەمەش تاوانی من نیە، بەڵکو بەشێکە لە ئاڵۆزییەکانی بزووتنەوەی کوردایەتی.

ساڵێک زیاترە لەم کتێبەدا کاردەکەم، لە ماوەی ئەو ساڵەدا کۆمەڵێک گرفت بوونەتە رێگر، بە تایبەتیش نەبوونی کات، چونکە لەپاڵ کارکردن لەم کتێبەدا لێرە لە سوید دەخوێنم و لە وڵاتێکی وەک سویدیش خوێندن ئەوەندە جدییە پێویستە زۆربەی کاتەکانی بۆ تەرخان بکرێت.

گرفتێکی تر کە بۆ زیاتر لە سێ مانگ کارەکەی پەکخستم، ئەویش بە هۆی ئازاری پشتی هۆمەر شێخمووس بوو کە سەردانی پزیشکی کرد و پێیان گووت: گومان دەکەین تووشی شێرپەنجە بووبێت، دیارە نەخۆشییێکی لەوجۆرە مرۆ رووبەڕووی کۆمەڵێک پرسیار و کێشەی دەروونی دەکاتەوە. ئەو هەواڵە زۆربەی برادەر و دۆستەکانی دڵگران و غەمبار کرد. نەدەکرا بە بێ بوونی دوا بڕیاری پزیشک لەسەر کارەکەمان بەردەوام بین، ئەگەرچی هەر ئەو کاتە دووجاری تریش دانیشتین و لەسەر پرسیار و وەڵامەکانمان بەردەوام بووین، هەستم دەکرد زۆر بێ تاقەتە و ناکرێت بەردەوام بین. دوای چەندان پشکنین و سەردانی باشترین و بەناوبانگترین پزیشک، دیار بوو دەستنیشانکردنی هەڵە بووە و شوکر شێرپەنجە دەرنەچوو. ئەمە بۆ من هەواڵێکی دڵخۆشکەر بوو.

گرفتێکی تر کە رووبەڕووم  بووەوە، بە تایبەتیش لە کاتی گواستنەوەی چاوپێکەوتنەکە لە کاسێتەوە بۆ سەر کاغەز، دەبووایە بۆ ماوەی زیاتر لە دوو مانگ هاوسەر و منداڵەکانم فەرامۆش بکەم، یاخود بە گوێرەی دەرفەت تێکستەکە بنووسمەوە، لەو رووەوە پێویستە سوپاسی هەوڵی جوامێرانەی " نازە" ی هاوسەرم بکەم کە لەو ماوەیەدا یارمەتیدەرم بوو، تەواوی کارەکانی

ماڵەوە و بازاڕکردن و پەروەردەکردنی منداڵەکانی گرتبووە ئەستۆی خۆی، زۆربەی ڕۆژانی شەممە و یەکشەممەش سەرلەبەیانی تا عەسرێکی درەنگ منداڵەکانی دەبردە دەرەوە.

گرفتێکی تر، کە من بە گرفتێکی سەرەکیم دادەنا، ئەویش ئەوە بوو، تۆ بڵێیت خاوەنی بیۆگرافیاکە ڕێگا بدات لە پاشکۆی کتێبەکەدا کۆمەڵێک بەڵگەنامەی دانسقە بڵاوبکەینەوە، کە دەمزانی خاوەنی ئەرشیفێکی دەوڵەمەندە! چونکە بیۆگرافیا بەشێکە لە مێژوو، ئێ مێژووش ئەوەندەی پشت بە بەڵگەنامە دەبەستێت ئەوەندە هەڵگری ئیجتهادی شەخسی نیە. لەو ڕووەوە ئەوەی زۆر دڵخۆشی کردم، مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی 2008 هومەر شێخمووس و ئەگنێتای هاوسەری سەردانی کوردستانی باشووریان کرد، پێش ئەوەی سەفەر بکات گووتی: ئەو ماوەیەی ئێمە لێرە نین، ماڵەکەمان و تەواوی ئەرشیف و کتێبخانەکەی ماڵەوە لە خزمەتت دایە و کلیلێکی ماڵەوەی تەسلیم کردم، ئەمە هەم سیقەیەکی گەورە بوو کە پێ ی بەخشیم، هەم بۆ من بووە سەرچاوەییێکی زۆر گرنگ بۆ باشتر ناسینی هۆمەر، بە تایبەتیش لە کاتی داڕشتنی پرسیارەکانمدا.

بەهەرحاڵ ئەم کتێبە بریتیە لە سێ بەش لە بەشی یەکەمدا تێکستی چاوپێکەوتنێکی دوور و درێژە لەگەڵ هۆمەر شێخمووس و زیاتریش گرنگی بە ژیانی سیاسی و حزبی لە کوردستان و خەباتی کوردایەتی لە دەرەوەی کوردستان، بە تایبەتیش لە ئەوروپا و ئەمریکا دراوە. لە بەشی دووەمدا کۆمەڵێک وێنەمان بڵاوکردۆتەوە، کە هەر یەکێک لە وێنەکان بریتیە لە چەندان حکایەت و چیرۆک و تەواوی وێنەکان هەڵگری چەندان ڕووداوی مێژووین و زۆربەی وێنەکانیش یەکەمینجارە بڵاودەکرێنەوە. لە بەشی سێ یەمی کتێبەکەدا کە بەشێکی دیاری کتێبەکەی بۆ تەرخانکراوە دەیان بەڵگەنامانەو نووسراومان بڵاوکردۆتەوە، کە زۆربەیان لەبەر دانە ئۆرجیناڵەکان سکان کراون، ئەو بەڵگەنامە تەواوکەری وەڵامەکانی هۆمەرن، بە تایبەتیش بۆ ئەو وەڵامانەی کە پێویستیان بە بەڵگەنامە هەبووە.

هیوادارم لە ڕێگای ئەم بەرهەمەدا کۆمەڵێک تارمایی نێو مێژووی کوردایەتیمان ڕۆشن کردبێتەوە، چونکە مێژووی ژیانی هۆمەر بەشێکە لە مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی کوردستان، لە کاتی دەورکردنەوە و نووسینەوەی ئەو بزووتنەوەیەدا ناکرێت ناوی یان فەرامۆش و پەراوێز بخرێت. لە کەموکوڕییەکانم ببوورن، چونکە کاری لەمجۆرە ئەستەمە بێ کەموکوڕی تێبپەڕێت، نەخوازەڵلا کارکردن لەسەر مێژووی کوردایەتی و لەو بوارەشدا ئەمە یەکەمین کتێبی چاپکراوی منە، ئەگەرچی کاتی خۆی چاوپێکەوتنێکی چەندان کاتژمێریم لەگەڵ د.شاکرۆی محۆ کردووە و چەند بەشێکم لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاوکردۆتەوە، بەڵام ئەم کارەم زۆر جیاوازترە لەو کارە.

بۆ زانیاری زیاتری خوێنەرانیش ئەم چاوپێکەوتنە سەرەتا لە سەر کاستێت تۆمارکراوە و بریتیە لە 13 کاتژمێر و پاش نووسینەوەی لەسەر کاغەز لێ ی زیاد و کەم کراوە و هۆمەر چەندانجار بە تێکستەکەدا چۆتەوە و منیش مشت وماڵم کردووە

**خوێنەری خۆشەویست:**

وەک کلیلێک بۆ خوێندنەوەی ئەم کتێبە وا بە کورتی پرۆفایلی هۆمەر شێخمووس دەنووسمەوە؛

ساڵی 1942 لە شارۆچکەی عاموودە لە کوردستانی ڕۆژئاوا "سوریا" لە دایک بووە.

لە 1962/2/7 هاتۆتە ئەوروپا، تەنیا 20 ساڵ لە سوریا ژیاوە.

زیاتر لە 5 مانگ لە ئەڵمانیا ژیاوە، چونکە کە هاتۆتە ئەوروپا یەکەمینجار چۆتە ئەڵمانیا.

لە 1962 تا مانگی ئەیلوولی 1967 لە بەریتانیا ژیاوە.

لە ساڵی 1967 تا 1978 یەکەمینجار، جاری دووەم لە ساڵی 1985 تا 2001. لە سوید ژیاوە.

لە مانگی کانوونی یەکەمی 1978 تا مانگی تەمووزی 1979، یەکەمینجار، پاشان لە مانگی شوباتی 1980 تا مانگی ئابی 1981 لە شاخ پێشمەرگە بووە.

جاری یەکەم مانگی ئەیلوولی 1976 تا مانگی ئابی 1977، جاری دووەم؛ لە ساڵی 2001 تا مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی 2007 لە ئەمریکا ژیاوە.

ساڵی 1958 بۆتە ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان لە سوریا.

ساڵی 1959- 1961 بۆتە ئەندامی "لیژنەی فەرعی" خوێندکاران ی هەمان حزب لە حەلەب.

ساڵی 1963- 1966 لە ئینگلیستان ئەندامی کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا بووە. لە هەمان کاتدا سکرتێری لقی ئینگلستانی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا بووە.

ساڵی 1963- 1966 ئەندامی کۆمیتەی ئەوروپای رێکخراوی پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراق بوو و لێپرسراوی رێکخستنی ئینگلستانیش بووە، کە ئەو کاتە جۆرێک لە نوێنەرایەتی شۆڕشیش بوو.

ساڵی 1966 وازی لە کاری حزبی هێناوە.

ساڵی 1970 و ساڵی1974 بووە بە سکرتێری لقی سویدی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا.

ساڵی 1972 لە زانکۆی ستۆکهۆڵم، بڕوانامەی ماجستێری وەرگرتووە، بابەتی بڕوانامەکەی سەبارەت بە کێشەی سنوور بووە لە نێوان چین و یەکێتیی سۆڤیەت.

ساڵی 1975 بووە بە ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و ئەندام بووە لە کۆمیتەی پەیوەندییەکانی دەرەوە و لێپرسراوی یارمەتیدەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بووە بۆ کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات- ئەکسا".

ساڵی 1976- 1977 لێپرسراو و دامەزرێنەری رێکخراوی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بووە لە ئەمریکا، هەروەها نوێنەری یەکێتییش بووە لەوێ.

لە کۆبوونەوەکانی کۆمیتەی سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ساڵی 1978- 1979 لە ناوزەنگ " کوردستانی عیراق" بووە و بە ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتی و لێپرسراوی پەیوەندییەکانی دەرەوەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بەڵام لە دەرەوە زۆر نەماوەتەوە و بۆ بنکەکانی سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە کوردستانی عیراق گەڕاوەتەوە.

لە کۆبوونەوەکانی کۆمیتەی سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ساڵی 1980 دا بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی هەڵبژێردراوە. بۆ ماوەی ساڵ و نیوێک ئەندامی کارگێڕی مەکتەبی سیاسی بووە لە کوردستان هەتا مانگی ئابی ساڵی 1981 تا ساڵی 1986 هەر ئەندامی مەکتەبی سیاسی و بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوە بووە.

لە مانگی نیسانی ساڵی 1986 وازی لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هێناوە بەڵام وەنەبێت بە تەواوی لە مەیدانەکە دوور کەوتبێتەوە بەڵکو بەردەوام بووە لە کۆکردنەوەی کۆمەک و یارمەتی مرۆیی و سیاسی و زانستی بۆ بزووتنەوەی کوردایەتی لە تەواوی پارچەکانی کوردستاندا.

لە دوا سەرنجمدا بۆ ئێوەی خوێنەران دەمەوێت پێتان بڵێم کە هۆمەر شێخمووس لە کاتی وەڵامەکانیدا لە دەیان شوێندا بەرامبەر بە هاوڕێ و کەسایەتییەکانی ناو بزووتنەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەدەبی و رووناکبیریدا زاراوە و وشەی "کاک" یاخود "بەڕێز" یان "شەهید" ئان ژی "رەحمەتی" بەکاردەهێنا، من وەک کارێکی نزیک لە سێبەرەکانی ئەکادیمی ئەو وشەی و زاراوانەم قرتاندووە و بە پێویستم نەزانی، ئینجا هەر کەس و لایەنێک تێبینی و رەخنەی بەرامبەر بەم جۆرە بیرکردنەوەیە هەیە، ئەوە من بەرپرسم نەک هۆمەر شێخمووس و هەر لە سەرەتاوە بمبوورن.

**نەوزاد عەلی ئەحمەد**
**سوید - ستۆکهۆڵم**
**زستانی 2009**